# ناسیونالیزمی حاکم لە کوردستانی (عێراق): ململانێی داهاتووی

**بەشی یەکەم**

**فەرەیدون نازری**

**خالد ئەمین**

**کردویە بە کوردی**

## پێشەکی:

کوردستان (عێراق) لە ژێر دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردیدا هندیک گۆڕانکارێ بەر چاو و گرنگی بە خۆیەوە دیوە. ئەو کۆمەڵگایەک کە بە بۆنەی تیشکی سەوزی، ئەمریکا، هێرشی دەڕندانەی ڕەژێمی بەعەس لە سالی 1991 دا و خۆ ڕاگری لاوازی ناسیونالیزمی حاکم وێران بوو بوو، دیسان لە سەر پێ خۆی ڕاوەستاوە. ئەو پێشکوتنە ئابووری کە ئیستا لە کوردستاندا بەدی دەکرێ، لە مێژوی خەڵکێ ئەم ناوچەدا بێ وێنەیە. ناسیونالیستەکان بە پشت سوری حزبەکانیان حکومەتێکیان ناوەتە یەکەوە وە پێیەوە خەریکی مەشقی دەوڵەتمەدارین. کوردستان لە مێژوی هاوچەرخدا تا ئیستا ڕووداوی وای بە خۆیەوە نە دیوە. یەکێکی تر لە دەسکەوتەکان ئەوەیە، وتراوە تا ئیستا پەنجا هەزار کەس لە زانستگاکانی کوردستان سەر کەوتووانە دەر چووگن.(1)

لە پاڵ ئەم دەست کەوتانەدا بەر پرسەکانی هەر دو حزبەکەی پارتی و یەکیەتی کە بە خۆیان و خزم و کەس و کارەکانیان، حکومەتی کوردستانیا گرتوە بە دەستەوەیە، هێشتا نەیان توانیوە پێداویستیە سەرکیەکان، وەک (ئاوی خواردنەوە، کارەبا و تەندروستی) بۆ جەماورە جێ بە جێ بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە دەیان میلیارد دولار لە لایەن ئەمریکا، دەوڵەتی عێراق، گومرکات و فروشتنی بە تاڵانی نەوت ئەکەوێتە دەستیان. بورژوازییەکی تازە پێ گەیشتو لە کوردستاندا پێک هاتووە، کە زۆربەیان لە ڕێگای پەیوەندی بە حیزبەکانیانەوە، خزم و خزمایەتی، ڕانت خوری، داگیر کردنی زەوی و چەندها شتی لەم بابەتە، قەڵەو و قەڵەوتر دەبن. مەودای چینایەتی بە پەلە و ڕۆژ لە ڕۆژ بەرەو زیاد بوون ئەڕوات.

چەند پرسیارێک لێرەدا دێتە ئاراوە کە ئایا ئەم دەست کەوتانە، ئاکامی لێهاتوویو لێشیاوەتیی ناسیونالیستەکانە؟ یان خزمەت کردنی بی سنوریان بۆ دەڕندەترین ئمپریالیستی جهانی واتە ئەمریکایە؟ ئایا ئەوەی کە بە دەست هاتووە ئاکامی ئەو هیوایەی ئەمریکایە بە ناسیونالیستەکان بۆ دەست بە سرا گرتنی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست؟ یان تێ هەڵکێشیک لە هەموو ئەمانەیە؟

پێویستە بارودۆخی ئیستای ناسیونالیستەکان و گۆڕانکاریەکان لە کوردستاندا بناسین. ئەم مەسەلە جگە لەوە کە لە ناوەرۆکی خۆیدا خاوەن بەهایە، بۆ ناسینی بڕیک گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا بە کەڵکە. بۆ ناسینی ئەم ناسیونالیزمە پیش هەموو شتێک پەیوەندی نیوان ناسیونالیستەکانی کوردستان (عێراق) و ئامریکا خاڵێکی زۆر گرینگە. لە بەشی یەکەمی ئەم ئەم نوسراوەدا باسی گۆڕانکاری لە سیاستی نێوانیان ئەکەین. لە بەشی دووهەمدا گۆڕانکاری ئابوری، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، کۆمەڵگای کوردستان و ئەو ململانێیە کە لە داهاتودا وە لەم پەیوەندیەدا ڕو بە ڕویی ناسیونالیزمی کوردی ئەبێتەوە ئەخەینە بەر دەست خوێنەران.

## پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ناسیونالیزمی حاکم لە کوردستان

کاتێ کە کونسرواتیڤە نئوکانەکان لە کاخی سپیی بڕیاریان لە سەر ئەوە دا کە بۆ بە دیهێنانی ئیستراتیژی خۆیان بە سەر ڕۆژ هەڵاتی ناوە ڕاستدا ئەبێ عێراق داگیر کەن، کوردستان لە پلانەکەی ئەواندا جێگایەکی گرینگی هەبوو. ئەم گرینگیەی کوردستانە کاتێ گرنگتر بوو کە ڕەژیمی تورکیە لە سەرەتای مانگی مارسی 2003دا بڕیاری دا دژ بە ڕەژیمی بەعس لە گەڵ ئەمریکا و هاو پەیمانەکانی هاوکاری نەکات. لەو کاتەوە تا ئیستا پەیوەندی ئەمریکا و ناسیونالیزمی حاکم لە کوردستاندا چەند گوڕیانێکی بە خۆیەوە دیوە.

دورانی خۆشی ناسیونالیزمی حاکم:

لە دوای ڕوخانی ڕەژیمی بەعس عێراق لە 9 ئاوریلی 2003 دا، تا بڵاو بونەوەی ڕاپۆرتەکەی بیکر هاملتون لە سەرەتای دیسامبری ساڵی 2006، کۆمەڵێک لە بەرپرسە پایە بەرزەکانی نیو دەوڵەتی ئەمریکا و کۆمەڵێکیش لە دەرەوەی دەوڵەت جێگایەکی تایبەتیان بۆ کوردستان دانا. زلمای خەلیلزادە سەفیری ئەو کاتەی ئەمریکا سەبارەت بەو مەسەلە لە دیسامبری ساڵی 2005 دا لە وتارێکدا ئەڵێت: "بەرژەوەندی ئەمریکا لە باری ئیستراتیژیەوە و هەر وەها لە باری نەزمی نویی جیهانی گرێی خواردوە بە کورستانەوە. ئەو لە درێژەدا وتی – تورکیە و کوردستان، هاوپەیمانی ئیستراتژی ئەمریکان" لەم خولەدا نئوکانەکان بە تایبەت ئەو بەشەیان لە کە نیو

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا دان، هێشتا شکەستی پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستی گەورەیان قەبوڵ نەکردوە. ئەوان هێشتا لەو بڕوایەدان کە بە هێزی گەورەی نیزامی و یارمەتی ئیسراییل و ناسیونالیزمی دەسەڵاتداری کوردی، ئەتوانن دەست بگرن بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستدا وە سەر چاوە نەوتیەکان)، بخنە ژیر دەسەڵاتی خۆیان. ئەوان بەر هەڵستی و نا ڕەزایەتی هاو پەیمانە کۆنەکانیان وەکو تورکیە و عەربستان، دژ بە پلانی ڕوژهەڵاتی ناوە راستی گەورەیان بایەخ پێ نەدا. لەم خولەدا کوردستانیان وەک سەنتری ساقمگیری، هێمنی، سەروەت و سامان، مۆدێلی دموکراسی و جێگایێکی ئەمن بۆ سەرمایە گوزاری بە هەموو ناساند. بەر پرسەکانی هەر دوو حزبە سەرکیەکەی کوردستان بوون بە سەرۆک: یەکەمیان سەرۆک کوماری عێراق (زیاتر فورمی)، ئەویتریان سەرۆکی بە هێزی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان. بە میلیارد دولار درا بە بەر پرسەکانی ناو حکومەتی هەرێم، ئیسراییل بە هموو هێزێکیەوە بۆ فیر کردنی نیزامی کوردەکان و دامەزراندنی سیستەم و دامو دەزگای ئیتلاعات (ئاسایش) و ڕێک و پێک خستنی پیداویستیەکانی ئاوەها سیستەمێک، دەست بە کار بوو.(3) پوست و بەرپرسایەتی شوینە حەساس و جێگا سەرکیەکان لە ناو ئەرتەشی عێراقدا درا بەو کوردانە کە پیوەندی پتەویان هەبوو لە گەڵ یەکیەتی و پارتی. مەسەلەی فیدرالیزم لە یاسا بناغەیە ڕاوە هەڵگرەکەی عیراقدا گونجدرا و بڕیاری لە سەر درا، باسی دابەش کردنی عێراق بۆ سێ ناوچە بە دەیان جار دوپات کرایەوە؛ نوێنەری ئەمریکا لە ژیر ئاڵای کوردستاندا وینەی گرت و لە ڕێ و ڕەسمێکدا کە بو دەرهێنانی نەوت لە تاوکی Tawke، نزیکی زاخۆ، ئاراستە کرا بوو بەشداری کرد و بەم چەشنە بەو گرێبەستە کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و کمپانیای DNO دا ئیمزا کراوە مافی حکومەتی هەرێمی سەلماند؛ مەجلیسی یاسا دانانی کوردستان (بە ناو مەجلیس) بڕیاری دا لە سەر یاسایێک بۆ نەوت کە کۆپی پێش نوسی ئەو یاساییە بوو وا کمپانیە گەورە نەوتیەکان بۆ نەوتی عێراق ئامادەیان کرد بوو؛ شرکەتەکانی وڵاتانی نروێژ، کانادا، آمریکا، ایران و تورکیە میلیاردها دولار پارەیان ڕەوانەی کوردستان کرد بۆ سەرمایە گوزاری؛ دامو دەزگای "سەرۆک بوش" بە دەیان شێوە ئیشارەیان کرد بۆ ئەوە گۆیا ڕازین کە کوردستان ئیستقلالی هەبێت. لەم بارەیەوە ئەتوانین دەست لە سەر چەند نمونە دانێن. کندولیزا ڕایس، دوای ئەوە کە لە ژانویەی 2005 هەلبژێردرا بۆ وەزارەتی دەرەوی ئامریکا، لە سەفەرەکەیدا بۆ عێراق بە پیچەوانەی ڕێ و ڕەسمی نێو دەوڵەتی خۆی بو چاوپێکەوتنی سەرۆکی هەرێم ڕۆیشت بۆ کوردستان و لە گەڵ بارزانی دیداری کرد؛ لە ئوکتوبری هەمان ساڵدا بوش لە کاخی سپی سەرۆکی هەریمی وەک پرزیدنت ناو برد؛ کندولیزا رایس لە 27 فوریەی 2007 دا لە بەرانبەر کومیتەیەک لە مەجلیسی سەنای ئەمریکا، لە سنوری نیوان کوردستان و تورکیەدا یادی کرد؛ چەند چاوپێکەوتن و دیدار بۆ سەرۆکی کوردستان تەرخان ئەکرا، لەو چاوپێکەوتنانەدا وەک سەرۆکی وڵاتێک پێشان ئەدرا.(4)؛ هەوڵ و تەقالای تورکیە بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان لەم قۆناغەدا لە لایەن ئەمریکاوە پێشی پێگیرا؛ بە دابین کردنی مادەی 140 ڕوی خۆشیان پیشان دا؛(5) لە 100دا 17 لە بووجەی عیراق لە ساڵی ماڵی 2007 – 2008 بۆ کوردستان ترخان کرا؛ لە ساڵەکانی پێشودا ئەم بووجەیە لە 100دا 13 بوو؛ لەوە ئەچوو کە هێزی 100 هەزار نەفەری پێشمەرگە وەک هێزی نیزامی کوردستان ڕەسمێتی پێدراوە.

لە تەواوی ئەم کاتەندا کە باسمان کرد گیریان بە جەماوەر، ئەشکنجە، غارەت، کوشتن بە کۆمەڵ و بە گەشتی نە بوونی ئەمنێت و ئاسایش بە شێوەیەکی بەر بڵاو بە سەر شوینە عەرەب نشینەکاندا زاڵ بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیونالیستەکانی کوردستان لە سایەی ئەو ڕەشکوژی و ماڵویرانی ناوچە عەرەب نشینەکاندا کەوتنە ژیر سرنجی تایبەتی ئەمریکا و لە ئاسایش و خۆشیدا ئەژیان؛ نئوکانەکانی ئەمریکا بۆ ئامانجەکانی خۆیان نە تەنیا خەڵکی کوردستانیان بۆ کارو باری ئیتلاعاتی و جاسوسی بە کار ئەهێنا، تەنانەت ئەم پلاکارتەیان "سوپاس بۆ ئەمریکا، ئەی ڕزگارکەر" خستە ملی منداڵە ساواکانی کوردستان و بە کامێرای هەواڵنێرەکان پیشانی جیهانیان دا. بەڵام ئەم چەشنە پەیوەندیە، کە خەلێلزاد وەک "ئیستراتیژیک" ناوی برد، لە سەر هێچ بەڵگەیەکی فورمی و تەنانەت لە سەر پارچە کاغەزێکیش نەنوسرا.(6)

## <u>گۆڕانکاری:</u>

دوای شکەستی سیاسەتی شەڕ خوازانەی نئوکانەکانی حاکم کە بو بە دەس هینان و پاراستنی دەسەلات جیهانی بە ناوی دابین کردن و پەرەدان بە دمکراسی لە روژهەلاتی ناوە راست دا بە رێوە ئەچوو، ئەم سیاسەتە کەوتە ژیر ڕخنە و لومەی بەشەکانی تری برژوازی و ووتە بیژەکانیان. هنری کیسینجر (7)، وزیری پێشوی وەزارەتی خارجەی ئەمریکا لە دەورانی ریجارد نیکسون و جرالد فورد دا، نوسی سەقام گرتن گرنگە، (نەک دموکراسی). نوینەرانی ئەم بەشەی بروژوازی دوایان لە دەوڵەتی بوش کرد کە بگڕیتەوە بۆ ئەو سیاسەتی پێشووە کە پشتیوانی دەکرد لە وڵاتانی وەک عەربستانی سعودی، کوەیت، ئوردون، میسر و تورکیە. هەر وەها داوایان کرد کە لە گەڵ بەعسیەکان و سەرمایەدارە لایەنگرەکانی حکومەتی سەدام حوسەین لە عێراقدا بە چاکە هەڵسو کەوت بکرێت. ئەم داواکاریانە لە ڕاپۆرتەکەی بیکر هامیلتوندا بە زەقی هاتن، بەشێکی زۆریان بوون بە ڕێنوێنی کەری نئوکانەکان. هەر لەو کاتەوە گورانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا دەستی پێکرد. سەرکەوتنی دموکراتەکان لە هەر دوو پارلمانی یاسا دانانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەم سیاسەتەی هەس (خەست) تر کرد. نمونەی ئەم گۆڕانکاریانە ئەمانەی خوارەوەن:

ئەمریکا لە عەربستانی سعودیەوە نزیکتر بووەوە، وە بەم بۆنەیەوە توانی لە گەڵ سەرکردە عەربە سونیەکان کە دژ بە داگیر کردنی عیراق لە شەڕدا بوون، سەودا بکات. بەشێک لە دەست کەوتەکانی ئەم سودایە کە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە ئەمانە بوون: دوا خستنی جێ بە جێ کردنی مادەی 140 و پرو پاگەند بۆ چاوگەی جێ بە جێ نەبوونی، خانمی ڕایس بە فورمی ڕای گەیاند کە کوردەکان هیچ مافێکیان بە سەر مالکیتی ئەو نەوتانەوە نییە کە لە کوردستان بەرهەم دیت؛ لە گەڵ دانانی بووجە بۆ 100 هەزار پێشمەرگە بەرهەڵستی کرا، وترا کە هێزی پێشمەرگە ئەبێ کەم ببێتەوە بۆ 30 هەزار کەس؛ دابەش کردنی عێراق بۆ سەر سێ

ناوچەی لە لایەن سیاسەتمەدار و کسانی خاوەن دەسەڵات لە ئەمریکا خرای پشت گوێ؛ تەئکیدی لە سەر تەبلیغ کردنی ئەنفالەکان وەستا، کار بە دەستانی ئەمریکایی لە سەر داخوازی ناسیونالیستە عەرەبەکان، عەلی حەسەن المەجید ناسراو بە (عەلی کیمیاوی فەرماندەی ئەنفالەکان) یان بە دەستەوە نەدا؛ ئەم گۆڕانکاریانە لە سیاسەتی ئەمریکادا بووە هۆی ئەوە کە نا ڕەزایەتی لە نە بوونی دموکراسی لە کوردستاندا شوێنی تەبلیغی بۆ مودلی دموکراسی بگرێتەوە هەر وەها بە کارهێنانی هێزی حزبی و کردەوەی دیکتاتوریانەی حکومەتی هەرێم ئیفشا بکرێت؛ گەندەڵی بەر بڵاو، نەبوونی یاسا و سیستەمی رێک و پێکی ئیداری، وە بە پێچەوانە بوونی پیوەندی نیوان کار بە دەستان و بەر پرسانی باڵای حکومەتی هەرێم بە دەست لە سەر دانانی فاکتوری دیاری کراو، بوو بە باسی ڕۆژی ئەو ڕۆژنامە و مجەلانە کە خەتی فرمی سیاستی ئەمریکا بڵاو دەکەنەوە؛ ئیزنیان دا بە تورکیە کە هێرشی سەربازی بکاتە سەر خاکی کوردستان؛ پیاو سالاری، نە بوونی مافی ژنان و کوشتاری نامووسی کە پێشتر باس نەدەکرا بوو بە دەسپێکی بڵاوکراوەکان و لە ڕاپۆرتی پێ شێل کردنی مافی مروفدا گونجێندرا، برژوازی تازە پێ گەیشتوی کوردستان و بەر خوردی وەحشیانەیان لە گەڵ کریکارانی خارجی و بە تیابەت ئەو ژنە خارجیانە کە لەماڵدا کار دەکەن، بووە سوژەی ڕۆژنامەگەلێک وەک نیۆرک تایمز؛ نوسراوە ڕسوا کەرەکەی مایکڵ ڕوبین، مێژو ناس و بلێمەتی دەستە ڕاستی و خاوەن نفووزی ئەمریکا، لە ژێر ناوی "ئایا کوردستانی عێراق هاو پەیمانێکی چاکە؟) بە فەراوانی بڵاو کرایەوە. پەیامی مایکڵ (بە ڕێوەبەرانی کوردەکان شایانی باوەڕ پێ کردن نین) (8) ڕۆیشتە ناو گروپ و دەستە سیاسیەکانی ئەمریکا و بایەخیان پێ دا؛ ئیسراییل و لۆبیەکانی لە ئەمریکا، کە بیریان لە کوردستان وەک وەڵاتێکی هاوپیمان و دۆستێکی غەیر عەرەب ئەکردەوە، بە نزیک بوونەوەیان بە تورکیەوە ئیستقلالی کوردستانیان خستە پشت گوێ؛ لەوە کاتەوە کە بە ڕێوەبەرانی کونە پەرەستی عەرەب، بە تاییەت سەرانی عەرەبستان، پلانی ئستای ئەمریکایان بۆ "ئاشتی" لە نیوان عەرەب و فەڵستینەکاندا قەبوڵ کرد وە ئەگەری ناسانی ئیسراییل لە لایەن وڵاتە عەرەبەکانەوە زیادتر بوو، بە ڕێوەبەرانی ئسراییل بە ئیحتاتەوە لە سەرانی کورد نزیک دەبنەوە.

<u>ئاسۆی داهاتووی پەیوندی لە گەڵ ئەمریکا</u>

لاوازی جێگاو شوێنەواری ناسیونالیستە حاکمەکان بە سەر کوردستاندا لای بە ڕیوبەرانی ئستای ئەمریکا ڕاستیێکە کە بە چەندها جار دووپات کراوەتەوە. بەڵام ئەمە کە ئەم ڕەوەندە قوڵتر دە بێت یان بەرەو چاکە دەڕوات گرێی خواردووە بە چەند هۆکاری ترەوە.

1 "یەکیەتی نیشتمانی" و "حیزبی دموکراتی کوردستانی عێراق" دوو حیزبی بنەما و سەرەکی ناسیونالیستی کوردستانی (عێراق) کاتێ سرنج دەزگای ئیداری بوشیان ڕا کێشا کە پلانی هێرش کردنە سەر عێراق، وەک هەنگاوی یەکەم بۆ دابین کردنی پلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەیان لە کەشاوی مێزەکانیانەوە هێنا دەر و نوێیا کردەوە. داگیر کردنی عێراق وەک بەشێک لە پرۆژەی دەست بە سرا گرتنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست و دوور خستنەوەی ڕەقیبەکانیان لەو مەسەلەیەو چارە سەر کردنی مەسەلەی فەڵستین لە بەرژەوەندی ئیسراییل جێ بە جێ کرا. دەستگای ئیداری بوش لە بڕوایەدا بوون کە بە دی هێنانی ئەو ئەمانجانە ئەبێتە هۆی ئەوە تا ئەمریکا لە مەودای سیاسی، ئابووری و نیزامی لە پلەی یەکەمدا قەرار بگرێت و یەکەم بڕیاردەر بێت. هەر وەها ئەتوانن کە لە بەرانبەر حەریفەکانیان و ئەو بلوکانە کە خەریکی بە هیز بوونن سەرکراتایەتی خۆیان ڕاگرن. زۆربەی نوێنەرانی برژوازی وڵاتە یەک گرتووەکان، دەوڵەتەکەی بوشیان لەم بارەیەوە پشتیوانی کرد. بەڵام داگیر کردنی عێراق بووە هۆی ڕسوایی و سەر شۆڕی سوپا و لاوازی ئابووری ئەمریکا بەرز کردنەوەی پلەی بێزاری و دوژمنی دژ دامو دەزگای حکومەتەکەی و سەرمایەدارەکان. ئەمانە هۆی سەرکین بۆ ئەوە برژوازی ئەمریکا لە حاڵی حاضردا پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بنێتە لاوەو. ئەمەش لە هەمان کاتدا هۆی سەرەکیە بۆ لاوازی جێگا و پێگەی ناسیونالیستی حاکم لە کوردستاندا لە لایەن ئەمریکایەکانەوە.

هەر چەند پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوە راستی گەورە شکەستی هێناوە، بەڵام سیاسەتەکەی و پێویستی بە ئەنجامدانی لە نێو ئەورگانەکانی حکومەتی بورژوازی ئەمریکادا هێشتا زیندوە. هەر ئەم نیازە بووتەر هۆی ئەوە تا نوێنەرانی جۆر بە جۆری بروژوازی ئەمریکا ناچار کات تا لە پانتای جور بە جوردا لە ناسیونالیزمی کوردی پشتیوانی بکات، ئەو ناسیونالیستانە کە بە سەرهات و ژیانی خەڵکی کوردستانیان خستوەتە ژیر چنگی خویان. هەر ئەم مسئلەیە ئیزنی داوە تا لە کوردستانی عێراقدا سەرمایە گوزاری ئابوری بکرێت و بە تاییەت نەوت دەر بهێنرێرت. لە پاڵ ئەمەدا ئەمریکا و ئیسراییل بۆ بەشی نیزامی و ئەمنیەتی سەرمایە گوزارێکی گرینگیان کردوە تا لە داهاتودا سودێکی زیاتری لێ وەرگرن.

2 ئەگەر لە ئەمریکا دموکراتەکان بینە سەر کار، کە ئیمکانی زۆرە، بارو دۆخی (وزعێەتی) ناسیونالیستەکان لاوازتر دەبێ، یان چاکتر؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەسراوە بە چەند هۆکاروە کە دوانیان کە لە هەموو گرینگ ترن لێرەدا ئەخەینە بەر چاو:

ئەلف. واقعیەت ئەمەیە کە دابین کردنی دەسەڵاتداری ئەمریکا و ڕاگرتنی ئەم دەسەڵاتداریە بە سەر جیهاندا بۆ هەموو برژوازی ئەمریکا لە پلەیەکەمدایە. ئیستا کە ئابووری ئەمریکا لە دابەزیندایە، دابین کردن و پارستنی ئەو دەسەڵاتە، گرنگی زورتری پەیدا کردووە ئایا دیموکراتەکانی ئەمریکا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ڕێگایەکی تر هەڵ دە بژێرن و تێ دە کوشن کە لە شوێنێکی ترەوە دەست پێ بکەن؟ یان هەر لە ڕوژهەڵاتی ناوە راست دە مێننەوە بە پاڵ پشتی عەربستان، تورکیە، میسر و ئیسراییل ئەو سیاسەتە جی بە جی دەکەن؟ ئەوەی کە لە سیاسەت و کردوەی تا ئیستای سیاسەتمەدارەکانی ئەمریکا دەر دەکەویت ئەیانەویت هەر ئەو ڕێگایە تاقی کنەوە. ئەگەر لەم ریگایەوە) سەر کەون خۆ ئەوە بارو دۆخی

کوردستان گری ئەخوات بە بارو دوخی عێراق و مەسەلەی نەوتەوە.

ب. باراک ئوباما بانگەشەی کردوە، ئەگەر ببێتە سەرۆک کومار لە ماوەی 16 مانگدا هیزەکانی ئەمریکا لە عێراق بانگ دەکاتەوە. هیلاری کلینتونیش بە ڕولەت پیشان ئەدا کە دژ بە شەرە. نشانەکان، و بۆچونەکان هەموو پیشاندەری ئەوەن کە ئەمانە هەموو درۆ و دەلەسەیە بۆ وەدەست هێنانی ڕای زۆرتر. دامو دەزگای حکومەتی ئیستا، لە هەر دوو مەجلیسی دانانی یاسای ئەمریکا لە گەڵ دمکراتەکان بریاریان دەر کرد کە دەیان میلیارد دولار خەرج بکەن بو دروست کردنی پێگەیەکی هەرە گەورەی دەوڵەتی بە ناوی سەفارەتخانەوە. لەم "سەفارەتخانە"دا هەموو ئەمکاناتێکی پاراستن و موخابرات بەکار براوە تا کاربەدەستە سیاسیەکانیان بە تەواوی هێزەوە بتوانن، چاودیری حکومەتە گوێ لە مشتەکانیان لە عیراقدا بکەن. هەر وەها پێشتر جێگایان بۆ هێزەکانیان لە عێراق و کوردستان دیاری کردوە.(9) هەر چەند پرۆژەکانی ئیستا لە عێراقدا شکستی خواردوە، بەڵام سروشتیە کە دیموکراتەکان (ئەگەر بینە سەر حوکم) پروژەی تریان هەبێت بۆ ئەڵتەرنایف. لە ئاوا حاڵەتێکدا کوردستان هەر لەم ئاستە دابزیوەدا دەمێنێتەوە و لە چوار چێوەی بەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبیدا ئەچێتە پێشەوە، وە لە همان کاتدا بەرژەوەنی ئیران ناخاتە خەتەرەوە.(10) هەر چەشنە گۆڕانێک لەو کاتەدا پەیوەندی ئەبێ بە گۆڕیانی بارو دۆخی ناوچەکەوە، کە ئەمەش لە ناوچەیەکی شڵەژاو و قەیرانی وەک عێراق ئەتوانێ توندو تیژ بێت.

3 لە ناو ئەو فاکتورە جوراو جورانەدا هۆکاریک هەیە کە لەم کاتەدا بە گشتی لە بەرژەوەندی ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە، ئەوەش پیش نوسیەکەی یاسای نەوتی عێراقە. دەسەڵات کومپانیە نەوتیەکان بە بە سەر سەرچاوە سروشتی گەورە و هەرزانی نەوت لە عێراقدا، شەرە ڕای ئەوە کە لە ناورۆکی خۆیدا خاوەن بەهایەکی زۆرە بۆیان، هاوکات یەکێکە لە ئامانجە کلیلیەکانی برژوازی ئەمریکا بو دابین کردنی هژمۆنی و دەسەڵاتی ئەمریکا بە سەر جیهاندا و پاراستنی ئەو هیژمۆنیە. لە دوای ڕوخانی حکومەتی بەعس لە ئاوریلی 2003 دا پێش نوسێکی یاسای نەوت بۆ عێراق نوسرا کە هێشتا بڕیاری لە سەر نەدراوە. دەزگای بوش بۆ دانانی ئەم یاسایە بە شێوەیەک کە نوینەرانی کومپانیا گەورەکان لێ ڕازی بن لە سەر پارلمانتارەکانی کوردستان لە مەجلیسی عێراقدا حەسێب دەکات. چاو پێکەوتنی دیک چنی جێ نشینی سەرۆک کوماری ئەمریکا و مەسعود بارزانی ئەم ڕاستیەمان بۆ ئەسەلمێنێت. (11) هەر چەند ڕەژێمی عێراق نەوت بە گوێرەی ئەو پێش نوسە کە لە سەرەوە ئاماژمان بۆی کرد ئەفرۆشێت. بەڵام کومپانیە نەوتیە کان هیشتا ئەیانەوێت کە ئەو یاسایە دابنرێت و ببێتە یاسای نەوتی عێراق. ئەوش ئەزانین کە کومپانیە گورەکان نا ڕاستەو خۆ لە هەموو  کڕین و فرۆشتنێکی نەوت دەستیان هەیە. وەک وتمان کومپانیە نەوتیەکان داواکاری بڕیادانی پیش نوسەکەن لە ببێتە یاسایکی دەوڵەتی و ڕەسمی چون بە پێی ئەو یاسایە ئەتوانن لانی کەم بۆ 25 تا 30 سال بەرهەمی نەوتی عێراقیان هەبێت.

4 مەسەلەی نەوت و ڕادەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بە سەر نەوت لە کوردستاندا هێشتا چارە سەر نەکراوە. مادەیەک لە یاسای بناغەی هەیە کە ئەتوانین بەم جورە ڕاوەی بکەین: هەرێمەکانی عێراق لەو کان و سەر چاوە، نەوتیانە کە تازە ئەدوزرێنەوە، ئەتوانن بڕیار بدەن. لە سەر ئەم بۆ چونە هیشتا باس هەیە، و لەوە ئەچی کە برژوازی ئەمریکا و نوێنەرەکانی ئەم کێشە لە بەرژەوەندی خۆیان بـزانن. ئەگەر بارو دۆخی عێراق گۆڕیانێکی تازەی بە سەردا بێت و دەوڵەتێکی گۆی لە مشت و دا مرکاو بێتە سەر کار خۆ ئەوە دەوڵەتی هەرێم ڕادەی دەسەڵاتی بە سەر نەوتدا زۆر دێتە خوارە، ئەگەر بێچەوانە ئەمە ڕوو بدات ڕادەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم ڕەنگە لە ئیستاش زیادتر دەبێت.
بە پێ ڕاپۆرتی ڕۆژنامە و سایتی سبەی (بە خاوەنیەتی نەوشیروان مستەفا) تا ئیستا لە نیوان حکومەتی هەرێم و 15 کومپانیای خارجی گرێبەست ئیمزا کراوە.(12) ئەمریکا بە ڕەسمی  پشتیوانی لەوە دەکات کە فروشتنی نەوت بە دەستی حکومەتی ناوەندیەوە بێت. سەرە ڕای ئەمەش تا ئیستا هیچ گوشارێکی نە خستوەتە سەر حکومەتی هەریم بۆ بەر گری لە فروشتنی نەوت. هەر وەها شرکەتێک کە زۆر بە بوش و بنەماڵەکەیە نزیکە لە ئاگۆسیت 2007 دا ڕێکەوتنامەیەکیان لە گەڵ حکومەتی هەرێم ئیمزا کرد. (13)

5 بەشداری کردنی نیزامی و هیزی پیشمەرگە لەو جەنگەدا، کە سیستەمی حکومەتی ئەمریکا بە ناوی جەنگ لە گەڵ تروریزمدا خستویەتی ڕێ، هۆکارێکی ترە بۆ یارمەتیدانی ناوسیونایزمی حاکم لە کوردستاندا. ڕێبەرانی ناسیونالیزم بە "بە دەس بلاویی تەواوە" ڕۆڵەکانی گەل ئەخنە ژێر فەرمانی ئەرتەشی ئەمریکا تا دژ بە ترۆریزم شەڕ بکەن. ئەمە کە چەند لەو پێشمەرگانە ئەکوژرێن و تا چە ڕادەیەک ئەم مەسەلە دژایەتی عەرەبەکان بە کورد توند تر ئەکاتەوە لێمان ئاشکار نیە. تا تێکۆشان دژ بە داگیرکەران هەبێت، تا ترۆریزمی ئیسلامی بتوانێت لە عێراقدا خۆی بنوێنێت، هێزەکانی برژوازی ئەمریکا و دەزگای حکومەتیەکەی پێشوازی لە هێزی پێشمەگە دەکن. سەرانی ناسیونالیزمی کوردیش ئەتوانن لە سەر پشتیوانی سیاسی و ماڵی ئەوان حەسێب بکەن.

6 هوکارێکی تر کە جێ و شوێنی ناسیونالیستەکانت لای حاکمەکانی وەڵاتە یکگرتوەکان هێناوەتە خوارەوە ئەویە کە بەشێکی زۆری لە عەرەبە سنە خاوەن دەسەڵات و سەروەت و سامانەکان، ئەو بەشە کە بە عەربستانەوە نزیکن، خۆیان و هیزەکانیان دەستیان لە برنگاری و دژایەتی داگیرکەران هەڵ گرتوەو لە ئەمریکا و بەر پرسانی شێعەوە نزیک بونەتەوە.

ئەمە مسەلەیە یەکێکە لە هۆکانی کەم بوونەوە چالاکیە دژ بە داگیر کاران، هەر وەها کەم بوونەوەی کردەوەی تروریستی و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان. لە سەر ڕێک کەوتنی عەربستان، ئێران و ئەمریکا ئەم دوو بەشە ڕیک کەوتن. بەڵام ئیستراتیژی جیاوازی ئەم سێ وڵاتە لە ناوچەکەدا ئەم ڕێک کەوتنانە لاواز دەکات و ئەگەری هەڵ وەشاندەوەیان زۆرە. یەکیەتی نیاوان شێعە و سونە بنەوا کەی لە سەر دریایکی خوێن و برژەوەندی سیاسی و مادی جیاواز بستراوە بۆیی پتەو نیەو دەتوانی زۆر زوو بروخێت. ئەمەش ئەو ئیمکانە ئەدا بە ناسیونالیستە کورەکان تا بۆ ماوەیەک درێژ دڵ بە پشتیوانی ئەمریکا ببستن.

7 بەشێکی بە هیز لە بە ڕێوەبەرانی ئیسرایيل و سەرمایەدار و ڕوشنبیرە سەهوێنیەکان لە ئەمریکا لایەن گری پێک هاتنی کوردستانێکی سەر بەخۆن. ئەم لایەنگیریە لە سەر بەلێنی وڵاتە عەرەبەکان بۆ بە ڕەسمێەت ناساندنی ئیسراییل و چارە سەر کردنی مەسەلەی فەلستین نراوەتە لاوە. بەڵام چارە سەر کردنی مەسەلەی فەلستین لەو دەمەوە تا ئیستا هنگاوێکیش نەڕۆیشتوەتە پێشەوە. ئەگەر دوا ڕوژی مەسەلەی فەڵستین لە ئیستا کە هەیە، تاریکتر ببێت خۆ ئەوە لایەن گیری لە کوردستانێکی سەر بە خۆ، دوو بارە زیندوو دەبێتەوە.

8 ئەم خاڵانە کە باس کران ئەبنە هۆکاری ئەوە کە ناوسیونالیستەکانی حاکم لە کوردستاندا، لە ئیستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەر خاوەنی جێگایک بن. بەڵام سیستەمی ئیداری و حکومەتی لە کوردستان، لە ڕۆی ساختارەوە زۆر لاوازە. هەر لە بەر ئەمە برژوازی ئەمریکا ئەم مەسەلەیە پەسەند ناکات. پارتی خاوەنی ساختارێکی بنەماڵەیە و کوردستان لە سەر ئەو ساختارە ئەبات بە ڕێوە. لە کەڵتوری بنەماڵەیدا سەرۆکی بنەماڵ و خزمایەتی و پەیوەندیەکانیان بڕیار دەری یەکەمن. یاسا، پارلەمان، دەستوری داد، دەستوری ئیجرا، پشتیان بستوە بە کەسایەتیەوە؛ تەعەهود، تێکۆشان، توانایی و زانین، کاتێ بە کار دێن کە لە خزمەت کەسایەتی دەسەڵات داردا بێت. یەکیەتیش لە ساڵی 1991 بە دواوە، خەریکە بەرەوە ئەم جورە ساختارە با ئەداتەوە. ساختاری بنەماڵەی لە کوردستانی عێراقدا یەکێک لە بنەواکانی گەندەڵی بەر بڵاو هەر وەها یەکێکە لە هۆکارەکانی نارەزایەتی بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان. ئەم ساختارە، بە تایبەت پشت بستنی بە دەروەی وڵات، حکومەتی تازەکاری ئیستا لاوازتر دەکات.

بورژوازی ئەمریکا بە دەیان ساڵە لە گەڵ ئەم گرێ کوێرەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوە راست، بە تایبەت عەربستان، کوەیت، ئوردون و هتد ڕۆ بە ڕوە. یەکێک لە ئامانجەکانی "دیموکراتیزە کردنی" ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست، گۆڕانی درێژ خایانی ساختارە بنەماڵەیەیە بۆ ساختارێکە کە چێنی بروژوازی بتوانێت ڕەولی کاریگەری هەبێت لە بە ڕێوە بردنی وڵاتدا و سەر ببێت بە حکومەت. سیاستمەدارەکان و بیرەوەرەکانی ئمپریالیزمی ئەمریکا، هیوادار بوون کە لە کوردستانی عێراقدا مودلێک لەو حکومەتە کە ئەیان ویست دروست بکەن. بەڵام نیشانەکان هەموو پیشاندری ئەوەن کە لەم ڕێگایەدا لە گەڵ کۆسپی گرینگدا بەرەو ڕوو بووەتەوە.
[لە بەشی دوەمی ئەم نوسراوەدا، لە سەر پەیوەندی ئەورگانیکی نیوان گەڵ و ناسیونالیسی حاکم ئەنوسین وە ئەگەڕێموە بۆ ئەم مەسەلەیە.]

---

(1) نەوشیروان مستەفا، ڕۆژنامەی هاو وڵاتی 30 ئەپریڵی 2008

(2) لە دیسامبری 2005 دا بە بۆنەی گەیشتنی یەکێک لە بیرە کان بە نەوت لە ناوچەی زاخو و لە شوێنیک بە ناوی Tawke، ڕێو ڕەسمێک دانرا کە خەلیلزادە و شارستانی وزیری نەوتی عێراق تێدا بشداریان و کرد. خەلیلزادە لەو مراسمەدا ئەمەی ووتوە.

(3) سیمون هرش، ڕۆژنامەوان و ئیفشاگەری خاوەن ئیعتیبار، لە مارسی 2005 دا بەڵاوی کردەوە کە هێزی نیزامی و ئەمنیەتی ئیسرایل لە کوردستاندان. تلویزیونی BBC لە 20 سپتامبر 2006 وێنەی ئەو ئەفسرە ئیسراییلیانە لە کوردستاندا پیشاندا کە خەریکی فێر کردنی تیرهاویشتن بە سەربازە کوردە کان بوون. ڕۆژنامەی Yediot Ahronot لە دیسامبری هەر ئەو ساڵەدا تەئکیدی کردە سەر بوونی ئیسراییلیەکان لە کوردستاندا. بەر پرسانی ئیسراییلی و مەسئولەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر چەشنە پەیوەندی لە نیوان ئیسراییل و کوردستان ڕەد ئەکەنەوە. مەسعود بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە 6 ئاوریلی 2007 دا لە دیمانە لە گەڵ Middle East Media Research Institute یان MEMRI سەبارەت بە ئەم پەیوەندیە ئەم ڕوون کردنەوانەی خوارەوە خستە بەر دەست:

MEMRI: بیستومانە کە پەیوەندی نیوان ئێوەو ئیسراییل، کە شاراوەتەوە، زۆر چاکە. ئەبێت بیستبێتان و یان لە ڕۆژنامەکاندا بینیبێتان کە لە نێوانتاندا هاوکاری هەیە. چەند دیدارتان هەبووە و موسادیش لە کوردستاندا وجودی هەیە. ئێمە

بارها ئەژنەوین کە ئێوە لە گەڵ ئیسراییل پەیوەندییەکی نزیکتان هەیە. بێگومان بیستوتانە یان خوێندوتانە کە هاوکاریتان هەیە، دانیشتنتان هەبوو، موساد لە کوردستانە، ئێمە بارها ئەمەمان بیستوە کە ئێوە پەیوەندیتان بە ئیسراییلەوە هەیە. (ئەم دوپات کردنەوەی پرسیارەکە لە دەقی ئینگلیزیەکەدا هاتووە- وەرگێڕ)

<u>بارزانی</u>: ئەگەر ئەم پرسیارە لە لایەن ئێوەوە نە ئەکرایەت، بە هیچ جۆرێک وەڵامم نە ئەدایەوە.

MEMRI: ئەمە پرسیاری من نیە. من ئەمانە بیستوە و ئەیان گێڕمەوە.

<u>بارزانی</u>: من ئەم پرسیارم وەڵام نە ئەدایەوە چون سوکایەتی تێدایە. پیش هەموو شتێک یاسای بناغەی ئیزن بە ئێمە نادا کە پەیوەندی لە گەڵ هێچ وڵاتێک بگرین. پەیوەندیە دیپلۆماتیەکان تەنیا لە ئیختاری دەوڵەتی فیدرالدایە. ئەگەر ئیسراییل لە بەغداد سەفارەت بکاتەوە بێگومان ئێمەش کونسلگەری لە هەولێر کونسولگەریان بۆ ئەکەینەوە.

MEMRI: واتە هیچ چەشنە پەیوەنیک...

<u>بارزانی</u>: تا لە نیوان دەوڵەتی ئیسراییل و عێراقدا موناسباتی دیپلوماتیک بەر قەرار نە بێت، هیچ پەیوەندیک لە نیوان دەوڵەتی هەریم کوردستان و ئیسرایل بەر قەرار نا بێت. لە واقعیدا، هەر وەک وتم پەیوەند گرتن بە ئیسرایلەوە گوناح و ئەمریکی بەر گری لێکراو نیە. زۆربەی وڵاتانی عەربی لە گەڵ ئیسراییل پەیوەنیان هەیە، وە ئەگەر ئیمە پەیوەندی بگرین بەم وڵاتەوە، بە ئاشکرا ئەنجامی ئەدەین. هیچ دەلیلێک نیە بۆ ئەوە ئێمە ئەو پەیوەندیە بشارینەوە، چون ئێمە لە بەر قەراری ئاوا موناسباتێک نا ترسین و بە پێی شەرمەزار نازانین.

(4) لە 27 جولای 2005 دا ماریک بلکای، سەرۆک وزیرانی ئەوکاتەی لهستان، بە شێوەی فورمی سەفەری کرد بۆ کوردستان. نەچیروان بارزانی وەک سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە وەک هاوتا، لە فڕۆکە خانەی هەولێر پێشوازی لێ کرد. ماریک دوای بە جێ هێنانی ڕێ و ڕەسمی نێو دەوڵەتی لە گاردی پیشوازی، چوو بو دیداری مەسعود بارزانی، لە ڕۆاڵەتدا وەک سەرۆکی وڵاتێک.

(5) مادەی 140 بەندێکە لە یاسای بناغەی عێراق، بە پێی ئەم بەندە ئەبێت دانیشتوانی بڕێک شوێن وەک خانەقین و سەنجار، شاری کەرکوک وە چەند ناوچەیەکی تر لە ڕیفراندمێکی گشتیدا بڵێن کە ئەیانەوێت ناوچەکەیان بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان یان نە. گرنگی ئەم مادەیە لە سەر شاری کەرکوکە، بە بۆنەی نەوتەوە. حکومەتی بەعس لە کۆتایی حەفتاکان، تا کۆتایی هەشتاکان بە دەیان هەزار بنەماڵەی کورد و چەند هەزار بنەماڵەی تورکمەنی لە کەرکوک دەر کرد و لە جێ ئەوان بە دەیان هەزار بنەماڵەی عەربی نیشتەجێ ئەم شارە کرد. سیاسەتی تەعریب کردنی کوردستان لە مانگی ئەگۆستی 1988 دا دوای شەڕی ئێران و عێراق و ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستان و کوشتنی بە کۆمەڵ خەڵکی بێ تاوان گەیشتە ئەپەڕی زیاد بوون. لە دوای ڕوخانی حکومەتی بەعس لە ئاوریلی 2003 دا دوو حیزبی حاکم لە کوردستاندا، خوازیاری گەڕانەوەی کورد و ترکمەنە دەرکراوەکان بۆ کوردستان، گەڕانەوەی عەربەکان بۆ سەر جێگا و ڕێگای پێشوی خۆیان بوون. لە کاتی حکومەتی کاتی عێراقدا بۆ چارە سەر کردنی ئەم کێشەیە، مادە 58 نوسرا. ئەم مادەیە لە یاسای بناغەی عێراقدا بوو بە مادەی 140. هەموو دەوڵەتە عەربەکانی ناوچەو (هەروەها دەوڵەتی ئیستای عێراق)، ترکمەنەکان، دەوڵتی تورکیەو ئێران دژایەتی خۆیان سەبارەت بە جێ بە جێ کردنی مادەی 140 پیشان دا. هەر لە بەر ئەمە، گەلی کورد دەست لە سەر دەست و چاوە ڕوان ڕاگیراون، تەنیا بڕیاری سەرانی حکومەتی ئەمریکا ئەتوانیت ئەم مەسەلە یەک لا کاتەوە. لە بەر ئیستراتیژی تازەی ئەمریکا کە ئیمتیاز ئەدا بە عەربە سونەکان، حاڵی حازر، مەسەلەی کەرکوک لە ئارادا نیە، بەڵام گۆڕانکاریەکانی داهاتو، ڕوونی ئەکاتەوە کە ئەم شارەو ناوچەکەی ئەکەونە چە وەزعێکەوە.

(6) قایم مەقامی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە فورمی بۆ یەکەمین جار لە سێهەمین ساڵ ڕۆژی هێرشی ئەمریکا و هاو پەیمانەکانی بۆ سەر عێراق ئەم ڕاستیەی باس کرد. ئەم مەسەلە پێشتر لە لایەن مایکڵ ڕۆبین و بە لۆمە کردن بە مەسئولە ناسیونالیستەکان لە کوردستاندا وترا بوو و خەڵکی کوردستان بە گشتی ئاگایان لێ بوو.

(7) حکومەتی جرالد فورد بزوتنەوی کوردستانیان لە ساڵی 1975 دا لە سەر سیاسەتی "رئال پولتیک" واز لێ هێناو. کسینجر دارڕژین و جێ بە جێ کەری ئەم سیاسەتە بوو. ئەم سیاسەتەی هەیئەتی حاکمەی ئەمریکا و کیسنجر بوون بە یارمەتی دەری کودەتا دژ بە دەوڵەتی ئالندە، سەرۆک کوماری شیلی، سوکارنۆ سەرۆک کوماری ئەندونزی (لە ئەندونزی نزیکەی یەک میلون خەڵک کوژران)، موجیب الڕەحمان، سەرۆک کۆماری بەنگلادیش.

(8) مایکڵ ڕۆبین Michael Rubin کە بە لایەنگری لە ئیسراییل و بیرو بۆ چونی حکومەتی جنرالەکانی تورکیە بە

ناوبانگە، لە بیرەوەرانی ڕاست و توند ڕەوی بونیادی ئینترپرایزی ئەمریکایە. مایکڵ کار شناسی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستە و چەند سەفەری کردوە بۆ ئەم ناوچەیەو هەر وەها بۆ کوردستانی عێراق. کتێبێکی لە سەر ئێران نوسیوە بە ناوی "ئێرانی تازە: بەردەوامی لە ئاشۆدا" .
مایکڵ لە نوسراوەیەکدا بە ناوی "ئایا کوردستان هاو پەیمانێکی چاکە بۆ عێراق" کە بە فەراوانی بڵاو خوێندراوەتەوە، ئاماژە ئەکات بۆ کردوەی مەسئولەکانی حیزبی و حکومەتی کوردستانی عێراق، نە بوونی دیموکراسی، کوشتاری هێزەکانی یەکتر، بە ڕێوە بردنی وڵات بە شێوەی بەعسیەکان، چۆنیەتی سەرفی پارە و حەیف و مەیل کردنی، خزمو خزمایەتی و ڕێگا دان بە پ کا کا، کە ئەو بە تروریستیان ئەزانێ باس دەکات. بە گەشتی ئاکامی نوسراوەکەی ئەبێت بەمە کە ناسیونالیستی حاکم لە کوردستان نە جێگای متمانەن و نە جێگای پشت پێ بستنن. هەر وەها ناتوانن هاوپەیمانی درێژخایان بن بۆ وڵاتە یەک گرتوەکان. ئەم نوسراوە لە زۆر شوێندا سوکایەتی تێدایە و هاندەرە. تەرجومەی ئەم نوسراوە بە زوانەکانی کوردی عەرەبی و تورکی لە گوگوڵدا ئەدوزرێتەوە.

(9) دیموکراتەکان لێرە و لەوێ باسیان لە پاراستنی "کورد" کردوە. سەناتۆر هیلاری کلینتون لە کاتێ پرۆپاگەندە بۆ سەر کەوتن لە هەڵبژاردنەکەیدا، ئەم بەڵێنەی دوپات کردەوەتە. بیل کلینتون، سەرۆک کۆماری پێشو وتوو بووی کە ئەبێت شوێنی ئەمن بۆ سەربازە ئەمریکایەکان لە کوردستان دروست بکرێت.

(10) پەیام نیر Peyamner لە ژمارەی 13 مە 2007 هەواڵ لە سەفەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ عەربستان ئەدا، وێنەشی لەم دیدارە بڵاو کردەوە. مەسعود بارزانی دوای دیداری لە ئوردون کرد و چاوی بە پادشای ئەم وڵاتە کەوت.

(11) پەیام نیر Peyamner لە ژمارەی 18 مارسدا لە سەفەری چنی بۆ هەولیر و چاوپێکەوتنی لە گەڵ سەرۆکی هەرێم خەبەر ئەدا و ئەنوسێت کە چنی بە هەواڵ نێرەکانی وت:

"واشنیگتون لە ئیمزای ڕێکەوتنامەیەکی ئیستراتیژی لە گەڵ بەغداد، هاندانی پارلمانی عێراق بۆ بڕیاردان لە سەر ئەو یاسایانەی کە برژەوەنی گەلانی ناو عێراق دابین دەکات، بە پشتیوانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کوردستان متمانە ئەکات."

(12) سایت سبەی 12 دیسامبر 2007

(13) بە گوێرەی وتاری ڕۆژنامەکانی ئەمریکا لەوانە نیۆرک تایمز، کومپانی نەوتی هانت Hunt لە ئاگۆستی 2007 دا لە گەڵ حکومەتی هەرێم بۆ لێکۆڵینەوە و دەرهێنانی نەوت گرێبەستیان ئیمزا کردوە. وەزارتی سەرچاوە سروشتەکان لە هەرێمی کوردستان لە 8 سپتامبر 2007 بە فرمی تەئکیدی کرد ئەم گرێبەستە ئیمزا کراوە. دنیس کوسینیچ D Kucinich، پارلمانتاری مەجلسی نوێنەران و لە دیموکراتەکان، داوای لە کونگەرە کرد تا ئاغای هانت مودیر عامل و خاودنی کومپانی Hunt کە لە یارانی بوش و دیک چنییە بانگ کەن بۆ کونگەرەو تا بە هندیک پرسیار وەڵام بداتەوە. یەکێک لەو پرسیارانە ئەمەیە: ئایا وەک هەڵبژێردراو لە لایەن بوشەوە هەر وەها ئەندامێکی "هەیئەتی متمانە و ئەمنیەتی" سەرۆک کومار، زانیاری تایبەتی دەست کەوتوە کە لە گەڵ حکومەتی هەرێم لە سەر "بەش کردنی بەرهەم گرێبەست"ی ئەمیزا کردوە؟
هانت، کە ئەندامی "هەیئەتی متمانە و ئەمنیەتی"ە (هئت امنای مشاورین انرژی) 35 ملیۆن دولاری لە کەمپێنەکانی هەڵبژاردنی بوشدا خەرج کردوە.
ئەمە یەکەمین شرکەتی گەورەیەکە لە گەڵ حکومەتی هەرێم گرێبەستی نەوتی ئیمزا کردوە. کومپانی هانت لە وڵاتە یەکگرتوەکان، کانادا، عەمان، پرۆ، گانا و ماداگاسکاردا خەریکی دەرهێنانی نەوەوتە.

مەی 2008